

# لەتیف هەڵمەت:

# تا کچێك مابێ شیعری دڵداری هەر ئەمێنێ

**لەگەشتێکی تایبەتدا بۆ شاری سلێمانی، بڕیاربوو کە چەندین نووسەرو شاعیرو هونەرمەند بدوێنین و بۆ(کوێستان) بیانهێنینە قسە. لەنێوان ئەوانەشدا (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیریەکێك بوو لەوانە. بۆ ئەم دیدارەش شوێنی سازدانیمان خستە سەر خواستی خۆی، ئەویش پێی باش بوو لەناو باخی گشتی و بەرامبەر (سلێمانی پالاس) دیدارەکە ساز بدەین، لەوێوە خاکی بوون و شاعیریەتیەکەی جوانتر دەرکەوت کە هوتێلێکی بەناوبانگی بۆ دیدارەکەمان هەڵنەبژاردبوو. لەناو باخەکەداو لەبەر تیشکی بێتینی خۆری پاییزدا دەستمان بە گفتوگۆکرد..**

دیمانە : حەسەن، کارۆخ، محەمەد ــ سلێمانی

***دەمانەوێت گوزەرێك بە ژیانی تۆدا بکەین هەرلە تەمەنی منداڵیەتیەوەتا ئێستا و بگەڕێینەوە سەر دونیای منداڵی و ئەو خۆشیانەی تۆ بینیووتە لەو کاتەدا، ئەوەی بینیووتە ڕەنگی دابێتەوە لەسەر تێکستە ئەدەبییەکانت، چۆن ژیان بەئەدەبەوە دەبەستیتەوە؟**

- وەك ناسنامەکەم دەڵێت لە ١٩٤٧ لەشاری کفری لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەرو ڕۆشنبیردا چاوم بەدونیا هەڵهێناوە، من گوێ و چاوم کرایەوە لەناو شیعردا گۆشکراوم، چونکە باوکم شێخێکی ڕۆشنبیر بوو، عاشقی شیعرەکانی(حافزی شیرازی، جەلالەددینی ڕۆمی، سەعدی شیرای و فەرەددینی عەقار)بووە، زیاتریش هەر شیعری فارسی دەخوێندەوە، لەگەڵ شیعرەکانی خەیام و جارجارەش باسی مەولەوی ئەکردو شیعرەکانی ئەخوێندەوە، لەناو ئەم شیعرانەیا

گەورە بووم، باوکم میوانی زۆر دەهات بەو پێەیی شـێخ بوو، ساغو نەخۆش ئەهاتن بۆ ماڵان مەجلیسـەکانی گـەرم ئەبوو باوکم ئەو شـیعرانەی ئەخوێندەوەو ئینجا ئەیکردن بەکوردی من یەکێ بووم لە گوێگرە سـەرگەرمەکانی بەکوردیکردنی ئەو شیعرانەی شاعیرە گەورەکانـی فارس، جگـە لەوەش هەمـوو بەیانییێك کـە بۆ نوێژ هەڵئەستا ماوەیەکی زۆر، بەدەنگێکی بەرزو بەئیقاعێکی زۆر خۆش قورئانـی پیرۆزی ئەخوێند، ئەو ووشـانەی قورئانی پیرۆز ئەتوانم بڵێم ئێسـتایش هەندێ ئایەتی بچووکم لەبـەرە هی ئەو ڕۆژانەیە ئەمانـە هەر هەمـووی دەوری باڵایان بینی کەمن ڕاکێشـن بۆ نێو دونیای شیعر، ئەو دەمە لە حەوت ساڵی وردە وردە دەگەیشتمە دەو دوانزە ساڵی، ئەوەندە پەروەردەی شیعر ببووم، ئەوەندە گۆشکراوی شـیعر ببووم دەمتوانی لەگەڵ شـاعیرێك گفتوگۆی شاعیرانە بکەم، خۆم لەو سـەردەمانە بە عەرەبیو کوردی نامەی خۆشەویسـتیو دۆسـتایەتیم بۆ برادەران دەنووسی، زۆر جوانیش لە کاریگەریەتی ئەو شـیعرانەم لەسەربوو، بەتایبەتی شیعرەکانی (حافزو سەعدی) نیوەیـانم لە تەمەنی منالّمیدا لەبەربوو، شـێخی سـەعدی هەموو (گوڵسـتان)ەکەییم لەبەربوو، لەلام ببـوو بە چەپکە گوڵێك ئەوەی لە باوکم وەرمدەگرت بۆ برادەرانم دەووتنەوە، کە خۆیشـم گەورە بـووم دونیایەکـی کەم هاتە پێـش چاو، زیاتـر ئەچوومە ناو ئەو مەجلیسـانەوە کە لەماڵان دەگیران، سەرەتاو کۆتایی قەرزداری ماڵی خۆمانم، لە شـارەکانی وەك: کەرکوك، بەغدا، خانەقین، جەلەولاو دوزخورماتوو گەلێ نەخۆش بۆ ماڵـان ئەهاتن، ئەمانە هەریەکەو چیرۆکێکی خۆی پێبوو، تا نیوەی شـەو نەئەخەوتن، منداڵیشـیان لەگەڵ بوو دائەنیشـتمو گوێم لەسەر گوزەشتەکانیان ئەگرت، جگە لەوەش کۆمەڵێك پیرەژنو کـچ قەیرەی گەڕەکەکەمان ئەهاتنو لە مەجلیسـی ئافرەتان دائەنیشـتنو بۆ دوعا ئەهاتنە لای باوکم. من کە باسـی دوعا دەکەم بـەلای منەوە بەشێکە لە سـحر، ئەو کچە قەیرانە گەلێـك چیرۆکیـان بـۆ ئەگێڕامەوە، ئێسـتا ئـەو هەمـوو چیرۆکانـە لەسـەرجەمی شـیعرەکانی منـدا ڕەنگیان داوەتەوە، شـانازی ئەکەم کە یادگای منداڵیم زۆر بەهێزە، شتی وام لەبیرە کـە دەگەڕێتەوە بـۆ تەمەنی چوار ساڵیم ئەمانە هەمووی لە شیعرە نوێـکانم دیـارە، سـوودم لێبینیووە، جگە لەوەش کە گەورەبوومو قۆناغی منداڵیەتیـم بەجێهێشـت. دونیـای شـیعری عەرەبیم بۆکرایەوە، چەند گۆڤارێکی عەرەبـی دەورێکی باڵایان بینـی لـە ژیانـی ڕۆشـنبیری مندا لەوانە گۆڤاری (ئاداب) کە لەبەیروت دەردەچـوو، لەڕێگای ئـەم گۆڤارەوە هەمـوو تەوژمەکانـی فەلسـەفەی بوونگەری، ناماقول، ریالیزم، شیعری کـۆنو نوێی عەرەبیـم خوێندەوە، دوای ئـەوە بەپلە دوو گۆڤاری (عامیـل نەفتو ئەهل نەفت) هەبوون لەلایـەن کۆمپانیای نەوتی کەرکوکـەوە دەردەچـوون، ئێمـە زۆرجار لەکفرییـەوە دەچووین بـۆ کەرکوكو ژمارەی کـۆنو نوێی ئەو گۆڤارانەمـان دەکڕی، لەم گۆڤارانە هەڵبژاردەی نووسـەرانی نوێی عەرەب دەیان نووسی وەك: ( جەبرا ئیبراهیم جەبرا، سـەرگۆن پۆڵس) کەدوو ناوی دیار بوون، لەبیرمە تیایان ئەنووسی، بەرهەمی نوێیان بڵاودەکردەوە، هەر لەو گۆڤارەدا شیعری نوێی شـاعیرانی ئینگلیزی بڵاوئەکرایەوە، لەوانە زۆر سـوودم بینی، جگە لـەو گۆڤارەش گۆڤـاری (کەلیمە) هەبوو لـە نەجەف دەدردەچـوو (حەمید مەتبەعی) سەرنووسـەری بوو، ئەم گۆڤارەش(سـەرگۆن پۆلس، جان دەمـۆ، عەبدولوەهاب بەیاتی، جەلیـل قەیسـی، فازڵ عەزاوی، سـامی مەهدیو فـەوزی کەریم) ئەمانە جڵەوکێشـی قافڵەی شـیعری نوێی عەرەبی بوون، هەروەها شـیعری (ئیلیوتو بایرۆنو لۆرکاو مایکۆڤسـکی) لـەو گۆڤارەیەدا بڵاوئەکرانەوەو لێکۆڵینەوەش لەسەریان ئەکرا.

*** کاریگەری بنەماڵەکەت کە شـێخ بوونە، لەسـەر شیعرەکانت ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لەڕووی دینیەوە کاریگەری بەسـەرتۆدا نەبووە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بنەماڵەکـەم لـەڕووی دینیەوە کاریگـەری نەرێی هەبوو، نەك ئەرێیی، چونکە ماڵی ئێمە داخراو بوو زۆر بەدینەوە بەسـترابوون، هەر ئەوەشـبوو منی هاندا کە لە هەنـدێ قاوغی کۆن یاخی ببمو ئەو یاخی بوونەشـم هەمووی لەدیوانی (خواو شارە بچکۆڵەکەمان) ڕەنگی داوەتەوە بەتایبەتی لەهۆنراوەی (ئەم کولەکانە دەشـکێنم) هەموو ئەو بەندوباوە کۆنانەم شکاندوەو لێیدەرچووم، لەو شیعرانە شـێوازی کاریگەری ئەدۆنیسـم لەسـەرە، لە ئیقاعی مۆسـیقاش کاریگەری قورئانم لەسەرە.

***دوای ئەو یاخیبوونەو شـکاندنی بەندوباوەکانی ئاین، بنەماڵەکەی خۆت کە شـێخ بـوون، دووچاری کاردانەوەی توووند نەبوویتەوە؟**

- تووشی بەربەستێکی وانەبوومەوە، کەببێتـە مایەی ئاڵۆزاوەگـێڕی لەگەڵما، بەهـەر حـاڵ ئـەو یاخیبوونەی من بـوو بەئەمـری واقیـع لەماڵـانو قەبوڵکـرا، ئەو کات تەمەنم لە ٢١_٢٢ سـاڵیدابوو، ئەوەندە منالّ نەبووم کە بمچەوسـێننەوەو کاریگـەری خراپم لەسـەر بکـەن، پەشـیمان ببمـەوە لـە یاخیبـوونمو ڕەوتی شیعریشـم دیـارە، هـەر یاخیبوونەکـەی تیایە، لەبەرامبەریشـدا خۆشـبەختم کـە هەرچـی بەندوبـاوی چیرۆکی ئاینی، پێغەمبـەران، ئەولیـاو پیاوچـاکان، هەمـوو دەقەکانـی قورئانـی پیرۆز

**لەماڵی ئێمە بەهەزاران جنۆکە هەیە.. ئێستایش لەدوا قەسیدەمدا کە لە(پەیکی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە)دا، بڵاومکردەوە باسی ئەو جنۆکانەم کردووە کە دڵداریم لەگەڵا کردوون**

ژمارە ٨
کانونی یەکەمی ٢٠٠٧

هی ئەوسایەو لەبیرمە، لەماڵەوە دونیایەکی رۆشنبیری گەورەم بۆ رەخسابوو، بەلاّم من بەپێچەوانەی ئەمانەوە بەشێوەیەکی نەرێیی ئەو کولتورەم بەکارهێنا، سوودم لێوەرگرت‌و لەگەڵ دەقە تازەکانم دەقانگیریەکی دژە، لەگەڵ دەقە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکان‌و ژیانی پێغەمبەران‌و پیاوچاکان، بێجگە لەوەش کاریگەری شیعری (عەبدولوەهاب بەیاتی‌و بەدر شاکر سەیاب) بەتایبەتی شیعری (ئەدۆنیس‌و ئینسی حاج‌و یونس خال) کاریگەری شیعری ١٩٦٩ی عێراقی کە لەو ساڵەدا (فازڵ عەزاوی، فەوزی کەریم، سامی مەهدی‌و عەلی مستەفا) بەیانێکیان دەرکرد بەناونیشانی (بەیانی شیعری) ئەو بەیانە شیعرییە بۆ من شتێکی تازە بوو، سوودم لێی بینی‌و کاتێ خوێندمەوە هەڵی وەشاندمەوەو دووبارە دروستیکردمەوە، روئیاو بینین‌و بۆچوونی نوێی لە هەستی شاعیریەتیمدا خوڵقاند.

*** لەقسەکانتدا وا دەردەکەوێ کاریگەری ئەم شاعیرە عەرەبانەت لەسەر بووە، ئەی بۆ بەعەرەبی شیعرت نەنووسیووە، یاخود بەدیوێکی تردا پێت وابووە کورد شاعیری گەورەی نیە؟**

- هەرگیز کاریگەری یەك شاعیری کوردم لەسەر نەبووەو نیە، تەنها (گۆران)نەبێت، کە لەدوو قەسیدەدا لاساییم کرۆدتەوە یەکەمیان لە هۆڵی سینەمادا دووەمیان بۆکچێکی رێرەوی جوان، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگایەکدا بووم لەرووی رۆشنبیرییەوە تەعریب کرابوو، لە قوتابخانە بەعەرەبی ئەمانخوێندو راڤەکانیش بەعەرەبی یا تورکمانی بوون لەبەرئەوەی تورکمانیشمان وەرگرتبوو، باش ئەزانم گەلێ لە پیرەژنەکانی گەرەکەکەمان، گەلێك چیرۆك‌و بەسەرهات‌و کولتووری خۆیان بەزارەکی بۆ دەگێرامەوەو کاریگەری ئەوانەشم لەسەر شیعرەکان دەردەکەوێ، بۆیە بە عەرەبی نەمنووسیوە لەو گەرمیانەدا حەزمان ئەکرد وەك گروپی کفری _ کەرکوك بڕیارماندابوو کە شیعری کوردی سفرەو هیچ نییە، یان لەبیرمە لە قوتابخانەی دواناوەندی کفری دیمانەیەکم لەگەڵ کرابوو بۆ بلاّوکرایەوەکی سەر دیوار لەلایەن (ئەنوەر شاکەلی)و پرسیارێکی لێکردبووم کە شیعری کوردی لە چ بارێکدایە؟ من وەلاّمەکەیم ئەوەبوو:"کورد شیعری نییە هەتاوەکو دیوانەکەی من بلاّو ئەبێتەوە". کە دیوانەکەم (خواو شارە بچکۆلەکانەکان)بلاّوبووەوە لەدواییدا نامەکەیم لە ئەنوەر شاکەلییەوە پێگەیشت‌و نووسویەتی:"شیعری کوردی هەتا ئێستا بەرهەمی ئاوا گەورەی بەخۆییەوە نەدیووە". تەبعەن ئەم دیوانەم لە جوگرافیای شیعری کوردیدا بەرهەمی رچەشکێن بوو، کە شیعری بێکێش‌و سەراو زیادەیە لە ١٥٠ شیعری کوردیا کە شیعری بێکێش‌و ئەفسانەو کاریگەریەتی سوریالیزم‌و دادایزم‌و

## "نامەوێ پەیوەندیم لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکانی کورد هەبێ"

قوتابخانەی عەبەسیەت‌و ناماقولی ئەوروپاو عەرەبی تێدایە ئەوە ئەزموونێکی تایبەتی خۆم بوو.

*** لەناو ئەدیبە کوردەکاندا نموونەی شێرکۆ بێکەس، رێبین هەردی، مەریوان وریا قانع‌و ئارامی کاکەی فەلاح، ئەمانە هەر هەموویان لە خانەیەکی ئەدەبی گۆشکراون یان بەشێکیان هونەرمەندن، ئەتوانین بڵێین بەشێکی ئەم بەهرەیە لەوان بۆیان ماوەتەوە، ئایا لای تۆ شیعر خۆرسکە و لە خولیای باوکتەوە بۆ شیعرو ئەدەبیات بۆت ماوەتەوە یان خولیایەکی زاتی خۆتە؟**

- بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەمە وەکو میراتگری وەردەگیرێ، ئەو بەهرە شیعرییەی هەرکەس لەباوباپیرانەوەوەریئەگرێ، بتوانێ پەرەی بدات‌و لەو زەمینەرەخساوە بتوانێ بیکا بەشتێکی گەورەتر، هەشە خۆی لەبیر ئەباتەوە و خۆی بەبازرگانی‌و دڵداری‌و وەرزشەوە خەریك ئەکات، ئەو بەهرەییەی بیر ئەچێتەوە، من واهەست دەکەم هەر بە شاعیریەتی لەدایك بووم، ئەگەر بڵێین لەکۆنەوە وتوویانە شیعر جنۆکەی هەیە، لەماڵی ئێمە بەهەزاران جنۆکە هەیەو هەبووە خۆیشم بە عەقڵی ئێستایش هەندێ جنۆکەم لەماڵی خۆمانا بینووە، ئێستایش لەدوا قەسیدەمدا کە لە(پەیکی رۆژنامەی رۆژنامە)دا، بلاّومکردەوە باسی ئەو جنۆکانەم کردووە کە دڵداریم لەگەلاّ کردوون، رەنگە هەندێ کەس گاڵتەم پێبکەن، بەحەقیقەت ئێستاش ئەو جنۆکانە هەر دڵداریم لەگەڵ ئەکەن‌و جارجاریش سەرم لێئەدەن هەندێ شتیشم پێ ئەڵێن، هەندێ شت کە لەژیانی رۆژانەمدا روو ئەدات پێشتر من ئەیزانم! دوو رۆژ پێش ئەوە یەکێ دێ پێم ئەڵێ جا نازانم کێیەو یەکێکە لەو جنۆکانە، لەبەرئەوە شیعر بەلای منەوە بەهرەیەو ئەم بەهرەیەشم لەباوو باپیرانەوە وەرگرتووە، باپیرم خەڵکی ئەو کەسنەزانە بووەو بۆ شێخایەتی چۆتە گەرمیان‌و کفری، هەتا شیعرێکی هەیە بیری قەراخ ئەکا بە شێوەزاری هەورامی، کە لەبنەماڵەکەشمانا پازدە تا بیست بەهرەمەندی هونەرو شیعرو چیرۆك هەبووە، بەلاّم کەسیان نەیانتوانیووە پەرە بەبەهرەکانیان بدەن‌و بگەنە ئاستێکی باش‌و بناسرێن.

*** ئەکرێ شاعیر تەنها لە ئەزموونی ئەوانەی پێش خۆی بروانێ بۆئەوەی بێتە نێو ئەم دونیایەو بیەوێت ئەم یار یەبکات یان سروشت رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زەهنیەتی تۆدا و بۆتە بنیادێك بۆ چەکەرەکردنی شیعرەکانت؟**

- ئەو رووبەرە جوگرافیەی کەمنی تێدابووم رووبەرێکی ئاینی کۆمەلاّیەتی داخراو بوو، هەر ئەوەشبوو کە وتم ماڵی خۆمان ئەو نموونەیە، ئەوەش منی هاندا ئەو یاخی بوونە بەرپا بکەم یاخی

بوونەکە تەنها خۆیشم نەبووم، لەبەرئەوەی من لە هاوەڵەکانی تر بەتەمەنتر بووم، ئەتوانم بڵێم من دەست پێشخەر بووم هەر بۆ نموونە: فەرهاد شاکەلی لەگەڵ من لە قوتابخانەی دواناوەندی کفری دەیخوێند هەروا ئەحمەد شاکەلی لەگەڵم بوو، ئێمە بۆ ئەوەی خەڵکی کفری تورە بکەین و قەڵسیان بکەین، رۆژنامەیەکی گەورەی ئەوکاتمان دەکڕی و لەناو شەقامی سەرەکی کفری و کوچە و کۆڵانەکانی بازاردا دەگەڕاین کە ئەو لایەکی جەریدەکەی دەگرت و منیش لاکەی تر. لەوانەیە خەڵك هەزار جنێویان پێدابین ئەمە یەکەم هەنگاومان بوو، یان ئەچووینە چایخانێکەوە ١٥ تا ٢٠ رۆژنامە و گۆڤارمان دائەنا، باسی شیعر و ئەدەبیاتمان ئەکرد، خەڵکی دیکەش خەریکی دۆمینە و ئەزنیف و تاولی بوون، کە دڵنیام زۆر زۆر جنێومان بەرکەوتووە، یاخی بوونەکەمان بەو جۆرە بەرپا کرد.

***لەشیعر نووسیندا یاخیت، ئایا لە خۆشەویستیشدا هەروابوویت؟**

- یەك شتت پێ بڵێم من ناڵێم هیچ مەجالێکم نەهێشتۆتەوە بۆ خۆشەویستی، چونکە بەبێ خۆشەویستی هیچ شتێك ناکرێ، ئەسڵەن جوانترین قەسیدەو یاخی بوونەکەشم لە پێناو ئەوەیا کردووە، یەك دێرم نووسیبێ بۆ سەرنجراکێشانی مێینە بووە، ئەگەر مێینەکی دیاریکراویش نەبووبێ، هەموو ئیشکردنی من لەباری ئەدەبدا بۆ راکێشانی نێرینە نەبووە، بەڵکو بۆ مێینە بووە، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگاو لە بنەماڵەیەکی داخراو بووم، مێینە گیانلەبەرێکی زۆر ئەفسانەییە، چونکە ئەمویست هەموو بەهرەی شیعر و نووسینم بۆ سەرسامکردنی ئەو گیانلەبەرە بێت، وابزانم توانیشم و ناڵێم هەر کاتم نەبووە بۆ دڵداری جارێکیان لە شەمەندەفەرێکا بووین لە کفری ئەچووین بۆ بەغداو نەجەف ئەو سەفەرانە دەوری هەبوو لە یادگەی منداو باوکم لە بازارەکانی نەجەف و کەربەلاو کازمیەدا کتێبی ئەکڕی و لەگەڵ هەندێ دوکاندارەکاندا بەفارسی قسەی ئەکرد و شیعریان بۆ یەکتری ئەخوێندەوە، ئەمەش وای لێکردم هەر لە منداڵیەوە بزانم چەپڕەو راستڕەو لە ئیسلاما هەیە، سوونە و شیعە هەیە، بۆ منداڵێك لەو سەردەمە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام یەکەم خۆشەویستی کە لەبیرم بێت ، کچێکی چواردە ساڵان لەگەڵ دایك و باوکیدا بوو لە پشتیانەوە دانیشتبوو، بە ئیشارەت بانگی کردم و چوومە تەنیشتیەوەو لەوکاتەدا گەیشتینە تونێلێك کە پێنج دەقیقەی دەخایاند تا دەرباز دەبووین یەکسەر روومەتی هەردووکمان گەیشتە یەك و خەتای منیش نەبوو، زۆرشتم ئەزانی یەکەم چەکەرەی خۆشەویستیم بوو، دواتر نەمتوانی لە خۆشەویستی بترازێم، هەموو قەسیدەیەکم کچێکی لە پشتەوەیە، یان زیاتر ئەوانەی دڵداری نیین کچێکی لەپشتەوەیە، ویستوومە کچێك سەرسام بکەم.



***ئەوەندەی من ئاگادار بم شیعرەکانی تۆ زیاتر لەناو عەرەبەکاندا دەخوێندرێنەوە، کەچی خوێنەری کوردی کەمە، ئەمەش تۆ نیگەران ناکات؟**

- لەدونیای عەرەب و فارس و کوردەکانی رۆژهەڵاتدا، کەگەلێك شتم تەرجەمە کراوە نووسەرانی فارس زۆر بەجوانی لەسەریان نووسیووە، یەکێك لە شاعیرە کوردەکان ناناسم ئەوەندەی عەرەب لەسەر لەتیف هەڵمەت نووسیبێتیان و قەسیدەکانی شیکرابنەوە، دونیای من رۆژهەڵاتییە نەك کوردایەتییەکی پەتی، دونیای رۆژهەڵاتە لە کوردستانەوە بۆ هیندستان، چین، ئەفغانستان و پاکستان، چونکە ئەو کولتورەی من و دینی خۆم لە زۆربەی شوێنەکان ئەتوانم بڵێم دژی ئەو کولتوورەو دەقەو ئەفسونەکانم و دژی هەندێ بارودۆخی ئەو کولتوورەم کە دروستکراوە. دژی ئەوە بوومە قەدەر حاڵەتێکی سۆفیانەم بۆ خۆم دروستکردووە کە تەسەوف یاخی بوونە لەشەریعەت، ئەمانە هەمووی ئەتوانم بڵێم پانتاییەکی شیعری منی گەورەتر کردۆتەوە، منیش وا هەست ئەکەم عەرەب زیاتر ئەمخوێنێتەوە ئەگەر فارس زیاتر بمخوێننەوە بیرشمان نەچێت زۆر برادەران لە ئەورووپاوە تەلەفۆن دەکەن کە یەك دوو شیعرم کراوەتە سویدی یاخود دکتۆرێکی سویدی لە زانکۆ چۆتە پۆلێك وتویەتی:"ئەم شیعرە هی نەتەوەیەکە



فۆتۆ:محەمەد گەلاڵەیی

تەسەورمان نەدەکرد شیعری وای هەبێت، هەر نەتەوەیەك شیعری وای هەبێت مەحاڵە بمرێت". لەگەڵ ئەوەشا من خوێنەری کوردم زۆرە ئەتوانم بڵێم کەم رۆژ هەیە پەنجا تەلەفۆنم بۆ نەکرێت کە شیعرێك بلاوئەکەمەوە بۆ نموونە: ئەوەی لە پەیکدابلاوکرایەوە تەلەفۆنێکی زۆرم بۆ کرا.

*** لە شیعرەکانی بەڕێزتدا زۆر خۆت دوور دەگری لە دووبارە بوونەوەدا، کە دەبینین هەندێ شاعیر لەسەر یەك هێڵ دەڕۆن؟**

-هەر بەمناڵیش لاسار بووم، کە کۆلارەم دروست ئەکرد حەزم نەئەکرد لەهی منداڵەکانی تر بچێت، واتا کۆلارەیەکی سێ چوار کاغەزم لێ ئەکردو ئینجا کۆلارەیەکی زۆر گەورەم دروست ئەکرد، ئەگەر بڵێین جلێکم لەبەرکردایە باوەڕت هەبێت نابوو لەهی کەس چووبواییە، تەبیعەتێکم هەبوو حەزم ئەکرد دووبارە کردنەوەی کەسی دیکە نەکەم، شایەتحاڵی خۆشم ئەوەیە لە ماڵی خۆشمدا کە ئاین پەروەربوون نەمتواتی ڕێگای ئەوان بگرم، پەیوەستبم و کە تێیدا بەندکرابووم، ئەو بازنەیەم شکاندو شۆڕشگێڕ شەرت نییە چەك بکاتە شانو شۆڕشگێڕ بێت وەك: ڕامبۆو بۆدلێرو ئیلیوت تفەنگیان هەر نەبینیووە! بەڵام گەورەترین شۆڕشگێڕی فەڕەنساو بەریتانیا بوون، وایلد ویتمان دەمانچەی هەر نەبینیبوو! بەڵام گەورەترین شۆڕشگێڕی ئەمریکاش بوو، بەو شێوەیە حەزمئەکرد شاعیرێکبم ڕچەشکێن بم وابزانم ڕچەشکێنیشم کرد، ئێستایش هەندێ جارئەگەڕێمەوە لەسەر شێوەی خواو شارە بچکۆلەکەمان ئەنووسم، هەندێجاریش تازەترین شیعری فەڕەنسی و ئەمریکی و بەریتانی دەنووسم، هەندێ جاریش تێکەڵی ئەکەم بە سوریالیزم، دادابیزم و کلاسیکییەت لە شیعرێکی زۆر بێکێش و سەروایە لە پڕ چوار دێری بێ کێش و سەروای تەواوی هەیە، وەکو شیعری نالی ئەمە شێوازی خۆمەو بەشێوازێکی سەرکەوتووی ئەزانم، ئەو ئاوەی ڕادەوستێنێت بۆگەن ئەبێت، هەر شاعیرێك لە شێوازێکا ڕاوەستا بۆگەن ئەبێت، بەداخەوە هەندێ لە شاعیرە باشەکانی حەفتاکان تا ئێستا لەسەر یەك هێڵی ڕاستهاتوون، یەك مەبەستی شیعریان هەیە، دەستی شیعریان هەیەو تەواوبوون و سواون و سیلاك بوونەو با چەپڵە ڕێزانیشیان بۆ بکرێت، ئەوەی چەپڵەڕێزانیان بۆ ئەکات لە شیعر ناگات، لە کۆمەڵێ پەروەردە بووە خەمی شیعری نییە من بەڕاستی باسی ئەوەمکرد عەرەب ئەم خوێننەوە من پەنجا خوێنەری باشم هەبێت لەو خوێنەرانەی کە ئەمەوێت بەسمەو پەنجا هەزارم ناوێت، کە ئەچمە هۆڵێکەوە چل خوێنەری باش گوێم لێبگرێت چوار هەزارم ناوێت ئەگەر چی لە ساڵانی حەفتاکان کۆڕی وامانکردووە بەپێی ئەو ڕۆژنامەیەی کە لە لامە ڕێژەی ئامادەبووان گەیشتۆتە سێ هەزار کەس، ئەمە شانازییە بۆ شیعری نوێی کوردی لەناوەندی حەفتاکان، کە شیعری بەرگری خوێندراوەتەوە ئەمە حاڵەتێکی باشەو شیعری بەرگری کوردی هەتا هەتاییە نامرێت، بۆ نموونە: ڕۆژێك دێت هەتاو لەبەر بینایەی گەورە نەمێنێ و ڕەنگە شاعیرێك لەدایك ببێت دژی بینایە بەرزەکان بەرگری بکات، بڵێ نیوەی لابەن و با هەتاو ببینین، چونکە لەوانەیە ئێستا لە یابان و ئەمریکا هەبێت، دووشت نامرن شیعری بەرگری و دڵداری هەتا هەتایە هەر ئەمێنن هەتا کچێکی جوان بمێنێ شیعری دڵداری هەر ئەمێنێ، هەتا شتێکی خوارو خێچ بمێنێ شیعری بەرگری هەر ئەمێنێ.

*** دوای ئەوەی تەمەنێك لە نووسین کە دڵنیام بەرهەمی زۆر جوانت هەیە، بەدڵنیاییەوە کاریگەری خۆشیان هەبووە و هەیە، زۆر جاران شاعیر لەدوای مردنەوە ناوبانگی دەست پێئەکات لەیەکەم نووسیندا تا دوایین قەسیدەت شتێك هەیە لێی پەشیمانبیت؟**

- من تەمەنم نزیکەی شەست ساڵە، خۆم بە سی تاسە پێنج ساڵ دەبینمەوە ئێمە زۆر جار هەنگاومان ناوە لەبواری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەوە، لەبواری دڵداری و ئیشی ڕۆژانەمان ناکرێ بیر لەوە بکەینەوە لە چ هەنگاوێك پەشیمانین و بەپێچەوانەشەوە ئەمە تەمەنێکی ئەوێت، ژیانێکی ئەدەبیی و شیعرییە باوەڕت هەبێ چۆن دارستانێك ئێستا بەم دارە جوانانە تا پووشەکانی ژێرییەوە کە لە دەنکە شقارەتەیەك بچووکترن، چونکە لەسەر ئەمە دارستان و جەنگەڵی شیعری من لە پووشەکانیەوە تا دارە گەورەو ڕووەك و سنۆبەرەکانی وەك یەك خۆشم ئەوێن، هەموو جوگرافیایەکی شیعری گەورە بۆی دروستئەکەن و ئەگەر یەکێکیان لێ دەربێنم کەلێنی تێئەکەوێ ناکرێ بڵێین زەوی شاخی تیا نەبووە، ناکرێ بڵێین بۆچی لە فلان شوێنا ئەو شاخە جوانە هەیە، بەڵام ئەو شیوەش هەیە کە جێگەی مەترسی لافاوەو جوگرافیای زەوی وەکو

ئێستا جوانە ئاوها بەخۆیەوە جوانە کەڕەنگە هەندێکی سەرکەوتوو نەبێ، بەلای خۆم‌و ڕەنگە هەندێکی ئەزموونی شیعری‌و سەرکەوتووی جوان نەبێ.

***لە کولتوری ڕۆژهەڵاتدا، تێکچڕژان و بەیەکاچوونێکی زۆر هەیە، بەتایبەت لە نێوان کوردو فارسدا، کەسەر بە یەك دایکن جیاواز دەردەکەون لەگەل عەرەب کە ئەمان زیاتر کاریگەرییان بە دەشتەوە هەیە و ئەمرۆ کولتورێك هەیە تایبەت بەخۆیان، کە کولتوری دەشتە، کە هەمیشە کولتورێکی توندوتیژبووە، کولتوری شاخیش هەمیشە لەبەرگریدابووە، ئەم هەموو تێکچڕژان و بەیەکاچوونە چۆن کۆئەکەیتەوە؟**

- ئێمە بمانەوێ‌و نەمانەوێ هەزارو چواردەسەد ساڵە کولتوورێکی تێکەڵاومان هەیە، لەگەڵ عەرەب‌و فارس‌و تورك هیندو پاکستانی‌و تاجیك گەلێ وڵاتانی دوورو نزیکی سەرجەمی خۆمان، تۆ وا مەزانە ئەو چیرۆکانەی کە من لە قەسیدەکانمدا تەوزیفم کردوون بەشێوەیەکی ئەرێیی یان نەرێیی ڕووت کولتوورێکی کوردی بێ، لەوانەیە لەتاجیکستانەوە هاتبێ خۆ ئەوسا خەڵك بۆ بازرگانی ئەگەیشتە دەوروبەری چین، ئەگەر هەزارو یەك شەوە بخوێنینەوە ئەبینین لەو وڵاتانەوە خەڵك بۆ بازرگانی چۆتە ئەوپەری دونیا ،هەروەها لە کولتووری خۆمانە ئەڵێن چیرۆکی ئاگردانی فلان‌و فلان، کولتورێکی هاوبەشمان هەیە کولتووری زەردەشتی ٩٠٪ لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە لەناوبرا، خۆ شانازیش ئەکەم کە ئاینەکەم ئیسلامە، چونکە گەلێ شتی جوان هەیە لەئیسلاما من پێم قەبوڵە ئەو خراپەکاریەو ڕاو ڕووتکارییەی کە عەرەب کردوویەتی ڕەنگە لە دەقە قورئانییەکاندا نەبێت.

*** ئەو یاخیبوونەی بەڕێزت وای نەکردووە هەندێ جار لە خۆبایی بیت، کەسێك پێی وتی تۆ لەخۆبایی بوویت؟**

-ئینسانی لە خۆباییم خۆشناوێت، باوەڕت هەبێ سڵاو لەیەکێکیش ناکەم کە لەخۆبایی بێت، ئیسنان چەندە بەهرەمەند بوو دەبێ ئەوەندە خاکی بێ ، یاخی بوون ؛ تەوەزلی‌و خۆ بەگەورە زانین ناگەیەنێ، یاخی بوون مانای خاکییەتی دەگەیەنێ ، ئەو خەڵکانەی لە خۆبایین دەتوانم لەنێویان یاخی ببم‌و پێیان بڵێم بەهیچتان ئەزانم، ئەمە یاخی بوونە بەڕاستی کەمکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە لە خۆبایین‌و خۆیان بەگەورە ئەزانن.

*** پەیوەندیت لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا لەدوێنێ‌و ئەمرۆدا چۆنە؟**

ئەوەندە ئەزانم ئەدەب‌و سیاسەت ئەگەرچی لەهەندێك شتدا بگەنەوەیەك پەیوەندی‌و جودایی لەنێوانیانە هەیە، بەڵام زۆرجار پردی نێوانیان نەرێیین نەك ئەرێیی، سیاسی ئەیەوێ شاعیرو شیعر لەقاڵبدات، ئەمە بارودۆخێکی خراپە چونکە شاعیری ڕەسەن هەمیشە یاخییەو ناچێتە بارودۆخێکی سیاسیەوە هەر ئەو حاڵاتەش بوو کە ستالین‌و لینین، هەتا هەموو سەرکردە مارکیسیەکان ویستوویانە ئەدەب‌و هونەر بەتایبەتی شیعر بخەنە قاڵبێکەوە کەبەپێی خواست‌و بیری ئەوان بنووسرێت، ئەوە بوو نەیانهێشت (باستر ناك) خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێ‌و ژیانیان لێکرد بەچەرمە چۆلەکەو لەماڵی خۆیدا گەمارۆی ئابووری‌و سیاسیی و دۆستایەتی خرایە سەر کەس نەدەوێرا بچێتە سەردانی (ئەخما تۆفیش) بەدزی سەردانی دەکرد، روسیای سەردەمی سۆڤییەتی وای لێهاتبوو کە شاعیرێك لە ساڵی ١٩٥٢ لەسێدارە درابوو، کاتێك یەکێ لەهاورێ شاعیرەکانی سەردانی ئەمریکای کردو پرسیاری ئەوەیان لێکرد، کە هاورێکەی لەسێدارە دراوە، ئەویش وتبووی وانییەو لەکێڵگەکەی خۆیدا خەریکی کاری کشتوکاڵی‌و بەخێوکردنی ئاژەڵە، (ئۆسێب مەندەلیشتان) کە یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی سۆڤییەت لەسەردەمی ستالیندا لە سێدارەدرا، جگە لەوەی قوربانییەکانی ئەو بەقاڵبکردنەی ئەدەب بەسیاسەتەوە زۆرن، ئەتوانم بڵێم سەدان شاعیر سەرنگومکران‌و یەکێ لەوانە (مایکۆڤسکی).

*** بەکورتی پەیوەندیت هەیە یان نا؟**

- ئەمانە هەمووی ئەوەدەگەیەنێ نامەوێ پەیوەندیم هەبێ بەپێکەنیینەوە!

***لەڕابروودا دەمانبینی خەڵکانی شۆڕشگێر زیاتر بە شیعرەکانی تۆوە سەرسام بوون، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- یەکەم شیعری بەرگریم نووسییوە، ناڵێم بەرگری بەهەموو ماناکانیەوە کە هونەری شیعری تێدابێت، من بڵاومکردەوە لە کوردستانی نوێ لە ١٩٧٦ زۆر برادەرایەتی ئەدەبیم لەگەڵ سیاسیەکان هەبووە، بەڵام ئێستا چوونەتە پلەیەکی سیاسیەوە، هەتا لە لەرێزلێنانێکا کە لە کەرکوك بۆم ڕێکخرابوو یەکێ لەو برادەرانەی کە خۆی حەزناکا ناوی بەرم باسی کردم و وتی:" هەر لەدوای پیلانەکەی جەزائیر شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ماڵ بە ماڵ‌و دێ بەدێ‌و شاخ بەشاخ دەڕۆیشت‌و دەست بەدەست خەڵك ئەیبرد لەبەریان ئەکرد". حەوت هەشت دیوانم هەیە هەمووی بەرگرییە هەتا دڵداریەکانیش، زۆربەی شیعرەکان لەسەردەمی ترۆپکی زەبرو زەنگی حزبی بەعسا نووسراون، لەبەغداو سلێمانی دەیان جار خوێندراونەتەوە. لە کەرکوکیشا ماڵ بەماڵ لە چاپخانەو سەرشەقامەکان خوێندراوەتەوە خۆشم نەفەسێکی سیاسیم هەبوو، لە ساڵی ١٩٦٩ سەر بەپارتێکی کوردی چەپڕەو بووم، سەرکردەی ئەو حزبەو هەتا یەك دوو سەرکردەی سیاسی تر کە تائێستاش خۆشم ئەوێن شیعرەکانیان بینی بوو و پێیان سەیر بوو بەو تەمەنەوە شیعری نوێگەری‌و گیانی پڕ لەبەرگریم نووسیووە، ساڵی ١٩٧٤ هەر لەو کاتەی شۆڕش کۆتایی پێهات بە پیلانی جەزائیر، خۆیشم منداڵێکی لاساربووم ئەمانە هەموویان زەمینەیان بۆ پتەوکردم ، کە شیعری بەرگی بنووسم‌و بەسووربوونەوە پێدادەگرم کەس پێش من شیعری بەرگری نەنوسیووە ئەوانەی کە یەکێکی تر دەهێننە پێشەوە وەکو ئەوە وایە بڵێ لەپاڵ حکومەتەکەی شێخ مەحموودا لە سلێمانی حکومەتێکی تریش لەپاڵیا هەبووە،ئەمەش درۆیەکی مێژووییە ئەوەش شتێکی دیکە لەبارەی یەکەم کەسێتی منەوە لەبەرگی یەکێك بدۆزیتەوەو درۆیەکی مێژوووییە دوور لەئێوە ڕوو ڕەشی بۆ دەمنێتەوە.

*** ئەو دوو سەرکردەیەی خۆشت ئەوێن ناویان چییە؟**

- خۆیان ئەزانن‌و ئەوەی لە کەرکویش باسی کرد ئەویش ئەزانێ.